# چۆن دەڕوانیتە کەسانێک کە زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە؟

**هەندێ کەس زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە و بۆ مەبەستی جیاجیا بەکاری دێنن، هەندێکیان ئەوانەن کە خۆشەویستیان هەیە و ژمارەیەکیان تایبەت کردووە بە خۆشەویستەکەیان، یان جۆری کارەکەیان وا دەخوازێت زیاتر لە سیمکارتێکیان هەبێت، یان بۆ هەرمەبەستێکی تر، ئێمە لێرەدا هەندێ کەس دەدوێنین کە زیاتر لە ژمارەیەکی مۆبایلیان هەیە بۆ ئەوەی بزانین هۆکاری بوونی زیاتر لە سیمکارتێك چییە، هەروەها رای چەند کەسێکیش وەردەگرین کە تەنها یەك سیمکارتیان هەیە و لێیان دەپرسین.چۆن دەڕواننە ئەوانەی زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە؟**

(هێرش) شەش سیمکارتی هەیە، دەربارەی هۆکاری ئەوەی ئایا بۆچی شەش سیمکارتی هەیە، دەڵێت"یەکێکیان تایبەتە بەماڵەوە، سیمکارتێکی تر تەنیا بۆ هاوڕێکانم لە زانکۆ، دوو سیمکارتی تریش بۆ قسەکردن لەگەڵ خۆشەویستەکەم، دوو ژمارەی تریشم هەن کە تا ئێستا بەکارم نەهێناوە" ئەو بوونی ئەو هەموو سیمکارتە بە کارێکی باش دەزانێت لەبەرئەوەی هەریەکەیان بۆ کارێکی تایبەتی بەکاردێنێت، جگە لەوەش پێی وابوو، ناکرێت تەنیا یەك ژمارەی مۆبایلی هەبێت لەبەر ئەوەی زۆر قسە لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەکات و دواتر ئەگەر پەیوەندی بۆ بێت بێزار دەبێت. (شلێر) کە کچە قوتابییەکی زانکۆیە و دوو سیمکارتی هەیە، دەڵێت"دوو سیمکارتم هەیە، یەکێکیان بۆ ماڵەوە و هاوڕێکانم واتە لای زۆربەی ئەو کەسانەیە کە ئاشنایەتیم لەگەڵیان هەیە و ژمارەکانیان دەزانم، ئەوەی تر تایبەتە بە خۆشەویستەکەم و شەوانە زۆر قسە دەکەین بەیەکەوە، بۆیە وابزانم بوونی دوو سیمکارت بۆ من کارێکە لەجێی خۆیدایە". (بەهرە)ش پێشتر چوار سیمکارتی هەبوو، بەڵام ئێستا تەنها دوو سیمکارتی هەیە، ئەو بەم جۆرە قسەی کرد" تا ماوەیەك پێش ئێستا چوار سیمکارتم هەبوو، زۆر قسەم لەگەڵ هاوڕێکانم دەکرد، بەڵام دواتر بیرم کردەوە کە پێویست نییە چوار ژمارەم هەبێت، بۆیە ئێستا تەنها دوو ژمارەم هەیە، ئەویش بۆ کاری ئاسایی خۆمی بەکاریاندێنم" بەهرە ئەوەشی گوت، کە بەنیازە تەنیا یەك ژمارە بۆخۆی بهێڵێتەوە و پێی وایە بەو شێوەیە باشترە. "سێ ژمارەم هەیە، یەکێکیان تایبەتە بە خۆشەویستەکەم، یەکێکی تر هاوڕێ نزیکەکانم، ئەوەی تر تەنها ئەو کاتە بەکاریدێنم کە ئەوانی تر سەنتیان تێدا نەبێت یان کەسێك وەڵامی ژمارەکانی ترم نەداتەوە بەو ژمارەیە پەیوەندی پێوەدەکەم" ئەمە رای (سەرباز) بوو، ئەو بەردەوام بوو لە قسەکانی" هیچ کاتێك بۆ مەبەستی خراپ بەکارم نەهێناوە و پێم شتێکی زۆر ئاساییە کە زیاتر لەسیمکارتێکم هەیە لەبەر ئەوەی هیچ زیانی نییە و بۆ خۆم وەهام پێ باشترە". (هیوا) گەنجێکی ترە کە زیاتر لە ژمارەیەکی مۆبایلی هەیە، دەڵێت"حەزدەکەم زۆر ژمارەم هەبێت، ئێستا پێنج ژمارەم هەیە بەڵام تەنها یەکیان کراوەیە و ئەوانی تر داخراون، هەندێ جار پێم خۆشە کەس تەلەفۆنم بۆ نەکات ئەو کاتە ئەو ژمارەیە لەسەر هاندەکەم دادەنێم کە کەس نایزانێت ئەو کات ئەگەر خۆم کارێکم هەبوو ئەوا تەلەفۆن دەکەم، بەڵام هیچ تەلەفۆنم بۆ نایەت". ویستمان ڕای چەند کەسێك وەربگرین کە تەنها یەك سیمکارتیان هەیە، لەسەرەتادا (دەشتی) گوتی" بوونی زیاتر لە سیمکارتێك بە سروشتی نازانم لەبەر ئەوەی دەتوانرێت بە یەك سیمکارت هەموو کارەکان ئەنجام بدرێت. بە رای من ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کەسەکە، هەیە حەز دەکات زۆر ژمارەی مۆبایلی هەبێت، هەیە بۆ خۆ گەورە کردن زیاتر لە ژمارەیەکی هەیە، بۆیە وای دەبینم بوونی چەند سیمکارتێك هیچ مانایەکی نییە، تەنیا لەهەندێ کاتی تایبەت دا نەبێت ئەویش بە پێی بەرنامە و بەرپرسیاریەتی، بەشێوەیەکی گشتی بوونی یەك سیمکارتم پێ باشترە لە چەند سیمکارتێك". (شارا) یەك سیمکارتی هەیە و پێی وایە پێویست ناکات زیاتری هەبێت، سەبارەت بەوانەش کە زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە، دەڵێت" زۆر ئاساییە ئەوانەی کەپلیان هەیە یان ئیشوکاریان زۆرە چەند سیمکارتێکیان هەبێت، کچێکی تر بە ناوی (شەهێن) بەم شێوەیە رای خۆی دەربڕی" من تەنها یەك سیمکارتم هەیە و پێویستم بەوە نییە زیاترم هەبێت، بوونی چەند سیمکارتێك لای یەك کەس بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێنمەوە، هەیە بۆ قسەکردن لەگەڵ کەپلەکەی، هەیە بۆ شانازی بە خۆکردن چەند سیمکارتێکی هەیە، هەشە بۆ کاری ناشیاو بەکاری دێنێت، هەشە سروشتی کارەکەی وا دەخوازێت، بەڵام وەك ڕای خۆم ئەمە بە کارێکی جوان و شارستانی نازانم". هەر دەربارەی ئەم بابەتە (دیاری) گوتی" هەموو کەسێك ئازادە لەوەی چەند سیمکارتی هەیە، ئەگەر بۆ مەبەستی خراپ بەکاری نەهێنێت من پێم زۆر ئاساییە، خۆم تەنها یەك سیمکارتم هەیە و پێویستم بەوە نییە سیمکارتی ترم هەبێت، بەڵام بۆ هەندێ کەس بوونی چەند سیمکارتێك کارێکی پێویستە". لە کۆتاییدا (بنار) گوتی"من تەنها یەك سیمکارتم هەیە، گشت کارەکانمی پێ رادەپەڕێنم، بەنیازیش نیم سیمکارتی تر بکڕم، هەندێ کەس چەند سیمکارتێکی هەیە ئەوە شتێکی ئاساییە بەمەرجێك بۆ کاری نەشیاو بەکاری نەهێنێت، بەڵام من تەنها سیمکارتێکم پێ باشترە لەوەی چەند سیمکارتێکم هەبێت".

**کوڕێک: بوونی چەند سیمکارتێک چەند مانایەکی هەیە و شتێکی ناسروشتییە**




ئامادەکردنی: هێمن قەسرەیی
hemntoni@yahoo.com



# لە رقی ماڵی خەسووی... ژیانی لەخۆی تێکدا

## دیداری یەکتر ناسین

ئاهەنگی بووك گواستنەوەی خزمێکی (فەرهەنگ) بوو، کە( شادان و فەرهەنگ) یەکتریان بینی (فەرهەنگ) هەر بە سروشتی خۆی گەنجێکی بەرچاو و بەردڵ بوو، هەڵوێستی جوان و گفتو لفتیشی هێندەی دیکەی بەرچاوی دەخست، دەمێك بوو( فەرهەنگ) لە ناو شاییدا بوو، کە(شادان) بەردەوام چاوی لەسەر بوو، چیتر خۆی بۆ نەگیراو لەگەڵ یەکێك لە خزمەکانی (فەرهەنگ) کە دیاربوو پێشتر دەیانناسی، چوونە ناو شایی و (شادان) رێك و راست چووە دەستی (فەرهەنگ) ئەم لێك نزیکبوونەوەیە بووە رێ خۆشکەر کە(شادان) دەرفەت وەربگرێت و خۆی پێبناسێنێ، لەمەوە جۆرە شەیدایی و ئیعجابێك لە نێوانیاندا دروستبوو، پاشان پتر قسەیانکرد و ژمارەی تەلەفۆنی یەکتریان گۆڕیەوە، هەر چەندە کە (فەرهەنگ) سەیری گەردن و دەست و بازن وخلْخاڵی (شادان) ی، دەکرد، جۆرە هەڵوێستەیەکی دەکرد و لەبەهێزکردنی پەیوەندییەکە هەستی بە ساردبوونەوەیەك دەکرد و شتێك لە ناخەوە پاڵی پێوەدەنا ئەوەندە لەو کچە لە زێڕ و خشڵ وەردراوە نەچێتە پێش، بەڵام هەر کە ئەو بیری لەوە دەکردەوە وەك بڵێی لەو داوە رابکات، کە چاوەڕوانی پێوەبوونی دەکرد، کەچی نیگا و خەندە و هەڵوێستەکانی (شادان) کێشی دەکردەوە کابرا لەیەکەم ساتەوە کەوتە ناو بەرداشی بەراوردکردن لە نێوان خۆی و ئەو کچە لەلایەك کچ، جوان و دیاربوو، سەرتاپای لە زێر هەڵێندرابوو، کچەش دیاربوو لە دڵی خۆیدا بڕیاری خۆی دابوو کە دەبێ ئەو کوڕە بۆ ئەو بێت، لەلایەکی دیکەشەوە، باری دارایی خۆی دەهاتە بەرچاو، کە پێدەچێت لە نێوان خۆی و ئەو کچە جیاوازییەکە تا رادەیەك زۆربێت، بەهەرحاڵ ئەو بەراوردکردنانە هیچ سوودی نەبوو قەدەر ئیشی خۆی کرد، پەیوەندی نێوان(شادان و فەرهەنگ) گەیشتە ئاستێك ، زۆر جار(شادان) دەیگوت ئەگەر من بۆ تۆ نەبم خۆم دەکوژم، بەڵام هەر لەسەرەتای پەیوەندییەکەیانەوە جۆرێك لە گرفت و جیاوازییان دەرکەوت، خێزانی (شادان) دەوڵەمەند و ساماندار بوون، زۆر جاریش بەو دەوڵەمەندییەیان دەنازی و (شادان)یش بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەو بەخۆنازین و خۆ بادانەی پێوە دیاربوو، باری دارایی ماڵی (فەرهەنگ)یش مامناوەندی بوو، جار جار لە کاتی قسەکردنیاندا ئەو جۆرە جیاوازییە دەبوو نیچمە گرفتێك بەتایبەتی کە(شادان) کاریگەری ماڵەوەیان زۆر بەسەرەوە زاڵ بوو(فەرهەنگ) دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر و پاش ئەوەی پەیوەندییەکەیان گەیشتبووە ئاستی خۆشەویستی، بڕیاریدا لێی دوورکەوێتەوە و وازی لێبێنێ ، چونکە گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە ئەوان دوو خێزانی لێکجیاوازن ئەوان زۆر بە دەوڵەمەندی خۆیان دەنازن..

ئیتر هەوڵیدا بە قسە لە (شادان) بگەیەنێ کە واز لە یەکتر بێنن، بەڵام هەر لەگەڵ کردنەوەی باسی واز لە یەکتر هێنان(شادان) خەریك بوو دونیای لێ وێك بێتەوە، دواجار بەراشکاوی بە(فەرهەنگ) ی گوت: ئەگەر دەست لەو بیرۆکەیە هەڵنەگرێ ئەوە بە دڵنیاییەوە خۆی دەسووتێنێ و بە مل ئەویشی دادێنێ، (فەرهەنگ) کە زانی بیرۆکەی واز لە یەکتر هێنان بێ سوودە ،

کۆمەڵایەتی

گوڵان

ژمارە (٧٣٦)
٢٠٠٩/٦/٨

ملـــی بۆ چارەنووس و قـــەدەر كە چ كرد، هەرچی جیاوازییەكیان لەسەر ماڵ و خەرجی ژنهێنـــان و زەماوەنـــد و خشـــڵ و زێڕ كڕین هەبوو(شـــادان) بە ڕێكەوتن لەگەڵ دایكی بەوە چارەسەریان كرد كە (فەرهەنگ) ئەگەر هاتە خوازبێنی ئەوەنـــدەی پێدەكرێ بیكات ئەویتر ئەوان بۆ خۆیان دەیكەن و ناشـــیكەن بە منەت بەســـەرییەوە، ماڵی (فەرهەنگ) ئەگەرچی زۆریان پێخۆش بوو( فەرهەنگ) شادان بخوازێت، بەڵام ترسی ئەوەشیان هەبوو بەیانی (شادان) بەســـەریانەوە بنازێت ولاف و گەزافـــی دەوڵەمەندییان بەســـەرەوە لێبدات، بەڵام هیچ لەگەڵ چارەنـــووس چ ناكرێت، ملیان بۆ چارەنووســـی دوو خۆشەویســـت، كە باری دارایـــی بنەماڵەكەیان جیاواز بوو، كەچكرد.

## پەڵپ و بیانووەكانی بووكی تازە

ماڵی (فەرهەنـــگ) خانوویەكی گەورەیان هەبـــوو ، ئەگەر چـــی خانووەكـــە میراتی باپیریـــان بوون بەڵام لـــە دەردی كرێچێتی و گۆزە گۆزی ماڵ گواستنەوە و ئەو شتانەیان رزگاركرد بوو، بەڵام بەڕاستیش هی ئەوەبوو چوار پێنج ســـەر خێزان بە ئاسوودەیی تێیدا بژیـــن، بۆیە(فەرهەنگ) هەر لەســـەرەتاوە مەســـەلەی مانەوەی لەگـــەڵ ماڵی باوكی لەگەڵ(شـــادان) براندبـــۆوە ئەویـــش بەمە رازی ببوو، دوای گواســـتنەوەی (شادان) بە مانگێك (شـــادان) دەستی كرد بە پەڵپ و بیانوو گرتن، هەر رۆژەی بە بیانووی شتێك و هەر جارەی بەناوێـــك، هەرایەكی دەنایەوە (فەرهەنگ)ی تووشی شـــەرمەزاری كرد، كەســـوكاری (فەرهەنگ) لەبەرخاتری ئەو (شادان)یان خۆشدەویست و بەهەموو شێوەیەك دڵیان رادەگرت، بەڵام ئەو مۆتەكەی بەخۆوە نازین و بەخشـــڵ و زێڕ و پارە و ســـامانی ماڵی بابیەوە نازن، بەرچـــاوی لێك كردبوو، زۆر جار دەیگـــوت: ئەگەر بەناچاری نەبێت قەت لەگەڵ ماڵی بابت دانانیشـــم ، من هی ئەوەم لەگەڵ ماڵە خەسووان دانیشم.

زۆربـــەی ئێـــواران براكانی (فەرهەنگ) دەچوونـــە لای (فەرهەنـــگ) یـــەك دوو كاتژمێـــر لەگـــەڵ براكەیان كاتیان بەســـەر دەبـــرد، هەر چەندە(شـــادان)روویانی نەدایێ و بەلالووتی بـــە بەردەمیانـــدا هاتووچۆی دەكـــرد و بـــە ناچاری مەگـــەر چایەك یان شـــەربەتێكی لە پێش دانابـــان، دەنا ئەوەندە رووبان نەدەدانێ، زۆر جاریش(ســـەرهەنگ) برا بچووكەكەی (فەرهەنگ) شـــەو لەلایان دەمایەوە و دەخەوت (شـــادان)لەوە شـــێتگیر دەبـــوو، زۆری پێناخۆش بـــوو، بەڵام لەبەر (فەرهەنـــگ) هیچی پێنەدەكـــرا، زۆر جار لەگـــەڵ (فەرهەنگ) باســـی ماڵكردن و كڕینـــی خانوویەكـــی ســـەربەخۆی دەكرد، كەچی (فەرهەنگ) قسەكانی پێشتری خۆی بـــە بیر دەهێنایەوە، كە چـــۆن دەیگوت ئەگەر لە ژێر رەشـــماڵێكیش بین، مادام لەگەڵ تۆم رازیم،(شـــادان) بیری لەوە كردەوە فشارەكانی راســـتەقینە تر و كاریگەرتربـــن، چونكە بەو هەوڵانەی هیچ بە هیچ ناكات.

## بوختان كردن بە شووبرا

(ســـەرهەنگ) كـــە دیتـــی براژنەكـــەی پێیناخۆشـــە هەندێ شـــەوان لـــەلای ئەوان دەمێنێتـــەوە، بە دایكی خـــۆی گوت ئەویش گوتی: كوڕم مادام پێی ناخۆشە چیتر شەوان لەوێ مەخـــەوە، ئەوە ماڵی خۆمان هەیە و لە خـــوا بە زیادبێ جێگا و ڕێگاشـــمان زۆرە، با ئـــەو ژنە، هێندەی دیكە براكەت وەڕس و بێزار نەكات و چیتر پەڵپ و بیانووشمان پێنەگرێ، ئەویـــش بڕیاریدا چیتر شـــەوان نەچێتە ماڵی (فەرهەنگ) ی برای، بەڵام دوو سێ رۆژی پێچـــوو( فەرهەنگ) بەخـــۆی بانگی كرد و شـــەو بە زۆر هێشتییەوە، ئەو شەوە(شادان) بە دزی هەستا و پارچە زێڕێكی خۆی هاوێشتە نـــاو گیرفانێكـــی كراسی(ســـەرهەنگ) و بەیانیش پێش ئەوان لە خەو هەڵساوكردیە هەرا هەموویانی بە دەنگە دەنگی خۆی لە خەو بە ئاگاهێنا، (فەرهەنگ) لێی پرسی چی بووە؟ ئەویـــش گوتی: ملوانكـــە لیرەییەكەم نەماوە، دیارە لە(سەرهەنگ) زیاتر كەسی تر لەلامان نەبووە(فەرهەنگ) بەو قســـەیە زۆر قەڵس و توڕە بوو، پێی گوت: جارێكی تر قســـەی وا نەكەی چونكە(سەرهەنگ) بژی كوژی شتی وا نـــاكات، ئەویش گوتی: مادام وەها دڵنیای لێی دەمن لە دوێنێ شەوێوە بینیوومە لە دەوری كۆمەدیەكەم دەخولایەوە، باشە بۆچی سەیرێكی گیرفانی جلوبەرگی ناكەی، (فەرهەنگ) لە رقان چووە لای كراســـە بە دیـــوارە كراوەكەی (سەرهەنگ) و گیرفانەكانی پشكنی و دیتی ملوانكەكەی لە ناو گیرفانێكی كراسەكەیەتی، كـــە زێڕەكـــەی لـــە گیرفانی لـــێ دەرهێنا تەماشایەكی(سەرهەنگ)ی سكرد و بە چاو پرسیاری بوونی ئەو زێڕانەی لە ناو گیرفانی كرد(ســـەرهەنگ) هەر بە چاو وەڵامی دایەوە كە شـــتی وای نەكردووە و دەستكاری زێڕی براژنەكەی نەكردووە، لە داخان و لە حەژمەتان تەنانـــەت توانـــای وەڵامدانەوەی بە قســـەش نەبوو(فەرهەنگ) سەیرێكی(شادان)ی كرد و پێی گوت:

بـــۆ وا دەكەی بۆ بەو رادەیـــە ژیان لە من و ماڵـــی دایكم تاڵ دەكـــەی؟ چیت دەوێ، ماڵی بەجیا، خانووی ســـەربەخۆ بەناوت بێ، ئۆتۆمبێلی دوا مۆدیل و زێڕ و خڵخاڵ و نازانم چی و چی ؟ (شـــادان) قیژاندی و هاواری كرد و گوتی: ئەو شتانەم ناوێ چونكە پێشتر هەموو ئەو شتانەم لە ماڵی بابم هەبوو، بەڵام لە هەموو ئەو شـــتانەش خۆش بووم، كێشەم ئەوانە نییە، كێشـــەی مـــن ئەوەیە چیتر لە ماڵێك دانانیشـــم دزی تیادابێت دەستی دایە جانتاكەی و لێی دا و رۆیشت، لەبەر دەرگاكە پێش ئەوەی بچێتـــە دەرەوە بە(فەرهەنگ)ی گـــوت: تا لە ژیانمدا ماوم پێـــم نانێمەوە بەم ماڵە، یان ماڵی ســـەربەخۆ یانیش من و تۆ نابینـــەوە ژن و مێرد... شـــەو (فەرهەنگ) لەگـــەڵ دایكـــی و براكانـــی خەریكـــی گفتوگۆی ئەو كێشـــەیە بوون، بەیانییەكەی پـــێ راگەیاندنێك لە بنكەی پۆلیســـەوە بۆ ماڵـــەوە هات گوایە برایەكـــی مێردی دزی لێكردووە ئەویش كە پێی راگەیاندنەكەی دیت كە ســـكاڵای لە دژی براكەی تۆماركراوە، گەیشـــتە ئەو بڕوایەی ئـــەو دووانە مەحاڵە بتوانن لەگەڵ یەك بژین( فەرهەنگ) بەخۆو بە (ســـەرهەنگ)ی بـــرای چوونە بنكەی پۆلیس و پارچە زێڕەكەشـــیان لەگەڵ خۆیان برد، دوای هەندێ پرسیار و وەڵام ئەفسەرەكە زانی كە ســـكاڵایەكی بێ بنەمایە، كۆتایی بە كێشـــەكە هێناو سكاڵاكەشی رەتكردەوە... هەفتەیەك بەسەر كێشـــەكەدا رەتبوو(شادان) هەســـتی كـــرد چ هەڵەیەكـــی كوشـــندەی كـــردووە، هەواڵی بۆ (فەرهەنـــگ) نارد كە بگەڕێتەوە ماڵەوە و لە هەڵەكەی پەشـــیمانە، بەڵام( فەرهەنگ) گەیشـــتبووە ئەو بڕوایەی چیتر ناتوانێ دەســـتبەرداری بەخۆنازین و بە ماڵ نازینی خۆیانەوە بن، هەمیشە وا هەست دەكەن بنەماڵەی (فەرهەنگ) لە ئاست ئەوان نین، ناكرێ ئەو ژیانێك بژیت كە هەمیشە ئەو جۆرە ناكۆكیانەی تێدابێت و خاوەنی ژنێك بێت بە ماڵ و سامانی ماڵی باوكی بنازێ... یان ژنێك كە وەكو دوژمن سەیری دایك و خوشك و براكانـــی مێـــردی بكات و هەوڵیشـــبدات مێردی خۆشی بكاتە ئەڵقە لە پەنجەی خۆی بكات... شەوان( فەرهەنگ) كە لەسەر جێگا رادەكشـــا بیری لە قسەكانی (شادان) دەكردەوە كـــە بەر لەوەی مارەی بكات و بیگوازێتەوە، كە چۆن ئامادەیی خـــۆی دەردەبڕی لە ژێر هـــەر بنمیچێـــك و هـــەر بارودۆخێكدا بێت لەگەڵ (فەرهەنگ) ئامادەیە خۆشترین ژیان بباتە ســـەر كـــە چـــی دوای زەماوەند چۆن خـــۆی گۆڕی و خـــۆی كردبـــووە مۆتەكە بەسەر سینگی كەسوكاری ئەو، چۆن بەخۆوە نازینی وردە وردە دەردەخست و هەمیشە خۆی و خێزانەكـــەی بە خانـــەوادەی نەجیب زادە و دیار وەسف دەكرد، هەموو ئەو ناكۆكی و ئەو جۆرە بیركردنەوانەی (شـــادان) وایلێكرد بیر لە تەڵاقدانی بكاتـــەوە ، دوای بیركردنەوەیەكی زۆر ئاخیرییەكـــەی چـــووە دادگا و لە پێش دادگا (شادانی ) تەڵاقدا.

**دەمێک بوو فەرهەنگ لە ناو شاییدا بوو کە (شادان)بەردەوام چاوی لەسەر بوو ، چیتر خۆی پێنەگیرا و لەگەڵ یەکێک لە خزمەکانی (فەرهەنگ) چوونە ناوشایی و یەکڕاست دەستی فەرهەنگی گرت**



# ئاشکرابوونی تاوانێکی شاراوە

### لەنێو فایلەکانی دادگاوە

ئا: باركى ميديا

کاتژمێر نزیکەی (١١)ی شەو بوو ئەفسەری لێکۆڵینەوە لە ژووری خۆی دانیشتبوو سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد کاتێك زەنگی بێ تەلەکەی لێدرا و بانگەواز بوو بۆی کە ڕووداوێکی هاتووچۆ ڕوویداوە و تیایدا شۆفێرێك دەستێکی پەڕیوە، ئەفسەرەکە دەنگی تەلەفزیۆنەکەی نزم کرد و بانگی ڕێپێدراوی لێکۆڵینەوە و چەند پۆلیسێکی کرد کە خۆیان ئامادەبکەن ڕووداوێك ڕوویداوە، هەموویان لە ماوەی دوو خولەکەدا خۆیان ئامادەکرد و سواری ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بوون و بەرەو شوێنی ڕووداو ڕۆیشتن، دوای کەمتر لە چارەگە کاتژمێرێك گەیشتنە شوێنی ڕووداو، بەڵام پێش ئەوەی ئەوان بگەنە جێ ئەو شۆفێرەی کە بریندار بوو، خەڵکی خێرۆمەند گەیاندبوویانە نەخۆشخانە، ئەفسەرەکە سەیری کرد تەنیا ئۆتۆمبێلێکی بچووکی جۆری (مازدا) کە لایەکی بە تەواوەتی قۆپابۆوە لەو ناوە کەوتبوو، پرسیاری کرد لەگەڵ کێ تامپۆنیا کردووە، گوتیان لۆرییەك بوو، بەڵام یەکسەر بەخێرایی پێی لێناوە و بۆی دەرچووە تەنانەت هەر ئاوڕیشی نەداوەتەوە، بەڵام زانیوویەتی کە ڕووداوی کردووە بۆیە لایتەکانی لۆرییەکەی کوژاندۆتەوە و خێرایی لێیخوڕیوە و خۆی ونکردوە، ئەفسەرەکە، دوای ئەوەی گوێی لەو قسانە گرت کە سوودی بۆ لێکۆڵینەوە هەبوو، ئینجا پەیوەندی بە پۆلیسی هاتووچۆ کرد بۆ ئەوەی پشکنینی شوێنی ڕووداو و ئۆتۆمبێلەکەش بگرن و هەرچی شتێك کە بۆ لێکۆڵینەوە پێویست بێت، ئەنجام بدرێت، ڕووداوەکە چونکە بەشەو ڕوویدابوو بۆیە هەڵگرتنەوەی جێ بەڵگەی تاوان کارێکی زەحمەت بوو، یان بەلایەنی کەمەوە زۆر بەڵگە هەن و لە شوێنەکە بەجێ دەمێنێ بەڵام لەبەر تاریکی نابینرێن بۆیە بڕیاریدا تۆقێك بە چوار دەوری شوێنی ڕووداوەکە دابنرێت تاوەکو کەس نەیەتە ناو شوێنەکە و هیچ شتێك ون نەکرێت، دەبوو هەموو شتێك بکرێ بۆ ئەوەی ئەم شۆفێرە بدۆزرێتەوە.

**شۆفێرەکە لە ماڵەوە لۆرییەکە دەشوات**

(وەلی) گەنجێکی (٢٥) ساڵی تیژڕۆیە، ئەو کاتێك ئۆتۆمبێل لێدەخورێت وا دەزانێ سووکانی فڕۆکەی لەبن دەستە.

ئەو شەوە دەزانێ کەتنێکی گەورەی کردووە، ترس و دڵەڕاوکێیەکی کوشندە بەر بینگی دەگرێ و ئۆقرەی لەبەر دەبڕێت، کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە یەکسەر بە برا بچووکەکەی دەڵێ زووکە سۆندەی ئاویم بۆ بێنە لەگەڵ سەتڵێك و هەندێ تایت و فڵچە ئەوجا بڕۆ ژوورەوە لەبەرچاوم مەمێنە، بە پەلە پەل ئاو بە بیچمی لۆرییەکەی دادەکات و خوێناوەکەی دەشواتەوە، پاشان تایتاوێك دەگرێتەوە و بیچمی لۆرییەکەی بە تایتاو دەشوات و پاشان تایەکانیشی بە فڵچە دەشوات، ئینجا دەست بە شووشتنی بۆدی لۆرییەکەی دەکات، نزیکەی کاتژمێرێك خەریکی شووشتنی لۆرییەکەی دەبێت نەوەکو پاشماوەی خوێن بە شوێنێکی لۆرییەکەیەوە مابێتەوە، دوایی دەست بە سڕینەوەی دەکات و زەنگ بۆ (واحید)ی برادەری لێدەدات کە بچنە گەراج بەڵکو ئەگەر بارێك یا کەلوپەلێك هەبێت بۆ هەر شوێنێك بێ بیگوازنەوە هەرچەند(واحید) هەوڵی لەگەڵ دەدات و پێی دەڵێ (وەلی) ئێمە ئەمڕۆ بەیانی هاتووینەتەوە لە کوێ پێمان دەکرێ دووبارە بچینەوە سەفەر،بەڵام(وەلی) لەسەر داواکاری خۆی سوور دەبێت(وەلی) مەبەستی بوو هەر چۆنێك بێت چوار پێنج ڕۆژان لە شارەکەی خۆی دوور کەوێتەوە تاوەکو لێکۆڵینەوە هێور دەبێتەوە و شوێنەواری تاوانەکەی بزر دەبێ. بەم شەوە دەچنە گەراج و بارێکی (١٥) تەنی کاشی بۆ (بەسرە) بار دەکەن دەڕۆن(واحید) بەخۆی ئەو ساتانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن(وەلی) نیگەران و هەمیشە تۆقیوبووە(واحید) دەڵێ: پێم سەیر



بـوو (وەلی) لەیـەك ڕۆژدا بە لۆری دوو سـەفەر بكات، ئاخر لێخوڕینی لۆرییەكی گەورە دەبڵێ گاڵتە نییـە، بەڵام دەمزانی شـتێكی لێقەوماوە بۆیـە بڕیارمدا خۆم هیچی لێنەپرسم بەڵكو بەخۆی باسی بكات، ئەوەبوو سـەرەتا هیچی نەگوت ، بەڵام كە نزیكـەی (١٥٠) كیلۆمەترێك ڕۆیشـتین، لەڕێگای گشتی، مەفرەزەیەكی پۆلیسی هاتووچۆ وەسـتابوو، لە دوورەوە(وەلی) كە چاوی پێكەوتن خەریكبـوو بتۆقێ، پێی گوتم كوڕە(واحید) ڕاوەسـتە هێواش بكەوە لەسەر شەقامی گشتی بوارێك وەربگرە و لادە كوڕە بەخودا دەمانگرن، ئەرێ وەڵلا سەدا سەد بە مسۆگەری پێوەبووین، منیش گوتم بەچیوە بووین مەگەر ئێمە چیمان كردووە، (وەلی) گوتـی: كوڕە كاكە تۆ نازانی چ قەوماوە، ئەو كەتنەی من كردوومە مەگەر هەر لەدەسـت هی وەكو مـن بقەومێ، لە دڵی خۆمدا گوتم ئێستا كاتییەتی لێیبپرسم كـە چی كردووە و بۆچی وا پەشـۆكاوە، چەند جارێك لێمپرسی، تا فشاری دەروونی و ویژدانی هاتە سـەر مۆخی ئیتر خۆی بۆ نەگیرا و دانییپانـا كە بە لۆرییەكەی لە كەسـێكی داوە و لایەكـی لۆرییەكەی هەمووی خوێن بووە، ئەگەر نە كوژرابێ بە مسۆگەری خراپ بریندارببووە، گوتم: باشە

نەتگەیاندە نەخۆشخانە ؟ گوتی: نا وەڵلا نەخۆشخانەی چ من زەندەقم چوو بوو، خوا خوام بوو دەرفەتم هەبێ ڕابكەم و خۆم ون كەم، گوتم باشە ئەوكاتی قەیدیناكا هەڵاتی و ترسـای و نەتتوانیوە بەسەر خۆتدا زاڵ بێت، ئەی خۆ بەیانی و دوو بەیانی خۆش هێمن دەبێتەوە و كێشەكەشت لێگەورە نابێت خۆت تەسـلیمی پۆلیسی بكە باكێشەكەت لێ گەورە نەبێت، بەڵام ئەو نەیسـەلماند، بەهەرحاڵ لەو قسـانەدا بووین، مەفرەزەكە ڕابیگرتین گوتـم( وەلی ) خۆت تێكمەدە و كێ دەڵێ ئەوانە لەبەر ئیشـی ڕۆژانەی خۆیـان لێرە نین، یا هەر شـتێكی تر ئێمە ١٥٠ كیلۆمەترمان بڕیووە، وەها بە ئاسانی خەبەرمان لێنادرێت.

ئەوەبوو ئەفسـەری مەفرەزەكە بەدەسـت ئامـاژەی بـۆ كردیـن كە لە شـوێنێك ئۆتۆمبێلەكەمـان ڕابگریـن و بەڵگەنامە ڕەسمییەكانیشـمان ئامادەبكەیـن ... ئیتر(وەلی ) تەواو شپرزە و پەشۆكاو ببوون، خەریكبـوو هەر كە ئەوان دەربكەون و بێنە پێش لێمان، ئەویش دانیپیانێت و بڵێ: من ئەو كەتنەم كردووە و ئەوەش خۆم تەسلیمتان دەكەم، ئەفسـەرەكە هاتە پێشەوە و داوای بەڵگەنامـە و ئـەو شـتانەی لێكردین، منیش شـتەكانم لە(وەلـی ) وەرگرت و داوە ئەفسـەرەكە، پاش سـەیركردنێك و هەندێ پرسیار لە بارەی ئەو كەلوپەلانەی بارمانكردبوو، شتەكانی داینەوە و ئاماژەی بۆ كردین كە بڕۆین(وەلی ) هەناسـەیەكی ئۆخەی هەڵكێشاو گوتی: واحید وەرە خۆت لۆرییەكە لێخوڕە من تۆزێك دەخەوم ، زۆر هیلاك و شـەكەتم.. بەمجۆرە دوای چوار ڕۆژ ئینجا گەڕاینەوە شـارەكەی خۆمان، پاشـان(وەلی ) پێی گوتم: بڕۆ سەرێك لە نەخۆشـخانە بدە، بزانە سـۆراغێكی ئەو كابرایە نازانـی، ماوە مردووە، لێكۆڵینەوە كراوە یا تەواوبووە؟ هەر شتێك كە پەیوەندی بەم مەسـەلەیەوە هەبـێ، ئەوەبوو منیش چووم، بەهۆی برادەرێكمەوە كە كارمەندی نەخۆشخانەبوو، زانیم كە لە ڕووداوەكە كابرا دەسـتێكی پەڕیووە، بەڵام بەهۆی خوێن لەبەرڕۆیشتنییەوە دوای دوو كاتژمێر مردووە، پۆلیس بە تەواوەتی لە دوای ئەو شۆفێرە دەگەڕێ كە ئەو كەتنەی كردووە.

**دەستگیركردنی واحید**

(واحید) لە گێڕانەوەی ڕووداوەكە بەردەوام دەبێ و دەڵـێ: نزیكەی دوو سـاڵێكی پێچوو بوو كە ڕۆژێك ئەفسەرێك و چەند پۆلیسێك هاتنە بەردەرگای ماڵەكەمان و كەلەپچەكەیان لە دەسـتم كرد و ڕاپێچی بنكەی پۆلیسیان كردم، سەرەتا ئەفسەری لێكۆڵینـەوەی بنكە چەند پرسـیارێكی سـەرەتایی ڕووداوەكەی لێكردم، بەڵام كە دیتی نكۆڵی دەكەم پێی گوتم ئەگەر بۆ خۆت دانیپیادەنێی باشە، ئەگەر نا تۆ دەبیە تاكە تۆمەتبار و تاوانەكەشت لەسەر ساغ دەبێتەوە، من تۆزێكی تریش بێ ئاگایی خۆم نیشاندا، بەڵام ئەو پێی گوتم: كێشە نییە هەندێك هاوكاریت دەكەم بۆ ئەوەی خۆت ئاسانكاریمان بۆ بكەی، بەڵام ئەگەر هەر سووربوی لەسەر نكۆڵی كردنەكەت ئەوسا خۆت و چارەنووسی خۆت، ئینجا شەوی ڕووداوەكە و ئۆتۆمبێلەكە و لۆرییەكەی و هەندێ زانیـاری پێگوتم و تێی گەیاندم كە لە شـوێنی تاوانەكە هەندێ بەڵگەیان هەڵگرتۆتەوە و پاراستوویانە و لەو كاتیەوە تا ئێسـتا بەردەوام بوونە لـە لێكۆڵینەوە، تاوەكو توانیوویانە ئۆتۆمبێلەكە بدۆزنەوە، (وەلی ) دوایی لۆرییەكەی فرۆشـتووە و لە كاتی پشـكنیندا بەڵگـە تاوانەكانیان بە لۆرییەكە هەسـت پێكردووە گومانیان لە لۆرییەكە دروسـتبووە كە لێكۆڵینەوەی تەواویان كردووە دەركەوتووە ئەو لۆرییە بووە كە ڕووداوەكـەی پێكراوە، ئیتر من هیچم نەمـا نكۆڵی لێبكـەم و بەرگری لەخۆم پـێ بكەم، منیش ناچار ورد و درشـتی مەسەلكەم گێڕایەوە، منیان وەك شاهێد لە ڕووداوەكە دانـاو ئازادیان كردم، پاش دوو ڕۆژان زانیم كە(وەلی ) یان دەستگیركردووە ئەوەبـوو ئەویش من ئاسـایی سـەرەتا نكوڵی كردبوو، بەڵام پاشـان ڕووبەڕووی بەڵگەكانیـان كردبـۆوە، وەرەی بەردابوو و ڕووخابـوو، لەوێ دەسـتی بە گریان و پاڕانـەوە كردبوو، هەرچـی هەبوو نەبوو هەمووی باس كردبوو دۆسییەیان بۆ كردەوە و ڕەوانـەی بەندیخانەكرا و لێكۆڵینەوە لە ڕووداوەكە سەرلە نوێ دەستی پێكردەوە، تا ڕۆژی دادگاییكردنی بەوەی باش بوو كە بنەماڵەی(وەلی ) بە مەسـەلەكەیان زانی هەسـتان چوونە ماڵەكە و خۆیان دەخیلی كەسـوكاری پیاوەكە كردبوو كە بەرووداو مردبوو، ئەوانیش لێی خۆشبوون، جا لەبەر ئەوەی ئەوان لە سكاڵای خۆیان خۆشبوون بۆیە دادگا تەنیا بە شەش مانگ حوكمی زیندانی( وەلی ) دا.

**كە نزیكەی (١٥٠) كیلۆمەترێك ڕۆیشتین، لە ڕێگەی گشتی، مەفرەزەیەكی پۆلیسی هاتووچۆ وەستابوو، هەر كە(وەلی) چاوی پێكەوتن، خەریك بوو بتوقێ گوتی: كوڕە ڕاوەستە دەمانگرن**

# چۆن ژنی براکەی کوشت؟



(نەجات) کە خۆی رادەستی بنکەی پۆلیس کرد، زۆر بەڕاشکاوی و بە ئاشکرایی، چی کردبوو، هەمووی لەبەردەم ئەفسەری لێکۆڵینەوە باس کرد، ئەو بەدەمارێکی سارد و سڕەوە بێ منەتانە وەك ئەوەی مریشکێکی کوشتبێتەوە، چۆنیەتی کوشتنی ژنی براکەی باس دەکرد، کە قسەکانی خۆی تەواوکرد، ئەفسەرەکە کردییە کۆنووس و لەگەڵ ئەو دۆسییەی بەست کە بۆ کێشەکە کرابۆوە، تا نزیکەی کاتژمێر(١١) رێککارییەکانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ (نەجات) بەردەوام بوو، پاشان بردرایە بەردەم دادوەر بۆ ئەوەی قسەکانی خۆی لە پێش دادگا بکات و لەوێش پرسیار و لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلتری لەگەڵ بکرێت... دادوەر سەرەتا لێی پرسی کە چۆن کوشتنەکەی کردووە و بۆچی ژنی برای کوشتووە لەکاتێکدا ئەو ژنە مێردی خۆی هەبووە، پاشان ئەوە یاسا و رێسا و دادگا و پۆلیس هەیە، بۆچی پەنایان نەبردۆتە بەر یاسا ئەگەر شتێکیان هەبووە؟

(نەجات) یش لە وەڵامدا گوتی:

من لە بنکەی پۆلیس گوتوومە و لێرەش دەیڵێمەوە من ژنی براکەم کوشتووە و لێشی پەشیمان نیم، هۆی کوشتنەکەش ئەوەبوو کە ئەو ژنەساڵێك بووە، گواستراوەتەوە و بە رەزامەندی خۆی مێردی کردووە بێ هیچ زۆر لێکردنێك خوازتراوە، باشە کە بە براکەم ناڕەزایی بوو، بۆچی مێردی کرد، بۆچی سەری شۆڕکردین، ئەو ژنە برایەم پەیوەندی لەگەڵ کوڕێك هەبوو پێنج ساڵان لە خۆی بچووکتر بوو، پەیوەندییەکەش بەس قسەکردن نەبووە، بەڵکو بە مۆبایل و یەکتر بینین و بە تەنیا مانەوەشیان بووە، تا ئەو رۆژی من هەردووکم لە باوەشی یەك نەبینی بڕوام نەکرد.

ماوەیەکی زۆر چاودێریمان کردن ئینجا بە بەڵگەوە، هەردووکیانم گرت(قەهار) برا بچوکمە و دوو برای تریشم هەن، بەڵام ئەم کارە تەنیا خۆم کردوومە، تەنیا بەخۆم بە دەمانچە، براژنەکەم و دۆستەکەیشم لەیەك شوێن و پێکەوە و لەگەڵ یەك کوشتن، ئەوانە ژوانیان هەبووە، پێشتر چاودێریمان کردبوو، دەمانزانی لە کوێ یەکتر دەبینن ئەو شوێنە دۆستەکەی ئامادەی کردبوو، دوور بە دووریش چاودێریمان دەکردن کە چوونە شوێنەکە، ماڵێك بوو، دوای نزیکەی (٧-٨) خولەکێك بەسەر دیواری خانووەکە ئاودیو بووین، من و (قەهار)ی برام، ئێمە ئاودیویش ببووین ئەوان هەر پێیان نەزانیبوو، ئەوا مەست و حەیرانی یەکتربوون و لەیەك ئاڵابوون، هەردووکیان رووتببون و خەریکی کاری خۆیان بوون، کە بەم وەزعەمان دیتن، دەمانچەکەم دایە دەست(قەهار) و گوتم بیانکوژە، ئەگەر ناشتوانی هەردووکیان بکوژی تەنیا ژنەکەت بکوژە ئەویتر بۆ منی جێ بهێڵە، ئەوان کە دیتیان وا بەو حاڵەوە گیران و ئێمەش وا لەبەردەمیان دەست بە دەمانچە وە وەستاوین ، نوتقیان نەما، پێ و قەدەمیان شکا، لە چاویاندا تەنیا پاڕانەوەی نە کوشتنیانم دەخوێندەوە، ئەو نیگایانە تۆزقاڵێکیش دڵی نەرم نەکردمەوە، بەڵکو من لە دڵی خۆمدا بڕیاری خۆم دابوو، لە (قەهار)م خوڕییەوە و بە دەنگێکی توندتر نەڕاندم بەسەریدا کە تەقە لە ژنەکەی بکات و ئەویتر ئەمن بەخۆم تیماری دەکەم، بەڵام(قەهار) تەنانەت جەسارەتی

وەرگرتنی دەمانچەکەشی نەبوو، شەقەزللەیەکی توندم خێواندە بناگوێی، دەستی بە رووومەتی خۆی گرت و بە هێواشی تەماشایەکی کردم و دوو دڵۆپ فرمێسك بە چاونیدا هاتنەوە خوارەوە، دەمانچەکەم لێ وەرگرت و سوارم کرد و بە(قەهار)م گوت: سەیری دەستم بکە و بزانە کە پیاو لە هەڵوێست و بارودۆخی وەها دەبێ چۆن بێت، یەکەمجار لوللەی دەمانچەکەم لە کابرا کرد و پێمگوت هەر ئێستا رەوانەی جەهەندەمت دەکەم، هەی ناکەس بەچە، گوللەیەکم لە تەختی نێوچەوانیم دا و مێشکیم پەژاند، لوللەی دەمانچەکەم لە ژنی براکەشم کرد، بەڵام پێش ئەوەی بیکوژم پێمگوت بۆ وات کرد؟ بۆچی ئەو ناپاکییەت لە مێردەکەت دەکەی و ئابرووی خۆت و ئێمەش دەبەی، مێردت چ عەیب و کەموکوڕییەکی هەیە؟ ئەگەر هەیەتی پێم بڵێ ، تا لێرە چارەسەری بکەم و دەست لە کوشتنی تۆ هەڵگرم، بەڵام گوتی: چ عەیبێکی نەبوو تەنیا خۆم خەتابارم و گوناهبارم، بەخۆم هەڵەم، تازە ئەوەی کردم کردم، ئەوم خۆشدەویست و هاتە خوازبێنیم بەڵام ماڵی باوکم رازی نەبوون منیش بەڵێنم دا تۆڵەی خۆمیان لێبکەمەوە و بە گوێی دڵم بکەم، ئەوجا پاشان چی دەبێ بابێ، منیش گوتم: ئەوها یانی دەتزانی چی دەکەی و بۆ وا دەکەی و ئاکامەکەشی چییە؟ گوتی: ئا دەمزانی چیتر خۆم بۆ نەگیرا سێ چوار گوللەی لە دوای یەکم لە تەپڵی سەری داو دەمووودەست گیانی سپارد، گوتم ئێوە لێرە بن، من خۆم تەسلیمی بنکەی پۆلیس دەکەم و چی بووە و چیش روویداوە هەمووی باس دەکەم، ئەوسا خوایدەکرد، لە سێدارە دەدرام، دادوەر لێکۆڵینە هەوڵیدا بزانێ کەسێکی تر ئەو تاوانەی کردبێ، بەڵام ئەو کابرایە بیشارێتەوە و دەربازی بکات...؟ زۆر لێکۆڵینەوە و پرسیار و گفتوگۆی لەگەڵ کرد، بەڵام هیچ شتێکی وای شك نەبرد بێگەیەنێتە ئەو بڕوایەی ئەو کابرایە مەبەستی پەنادان و شاردنەوەی کەسێکی ترە، ئیتر قسەکانی وەرگیرا و رەوانەی بەندیخانەکرا.... بە دوای ئەوەدا دادوەر بڕیاریدا براکانی تریشی بگیرێن بە(قەهار)ی مێردی ژنەکەشەوە.

## بەردەوام بوونی لێکۆڵینەوە

ئەوجارە لێکۆڵینەوە لەگەڵ(قەهار) دەستی پێکرد، ئەوەی کە سەیر بوو بەلای ئەفسەری لێکۆڵینەوە ئەوبوو کە چۆن رێی داوە براکەی ژنەکەی بکوژێت، خۆی بە سکاڵا داوای لەسەر تۆمارنەکردووە، ئەویش گوتی: بڵێم چی ژنەکەم هیچی بۆ نەهێشتمەوە، لە هیچی کەم نەبوو، بەهەموو شێوەیەکیش رێزیم دەگرت، بەڵام دوای شەش حەوت مانگ پاش زەماوەند هەستم کرد رەفتاری گۆڕاوە و تەنانەت سەر جێشی بەتا بە دڵی دەکرد، بێجگە لەوەش دەنگوباسی بوونی پەیوەندی لەگەڵ فڵانەکەسیش بە گوێی گەڕەکدا بڵاوبۆوە و ببووە بنێشتە خۆشەی سەر زاران، براکانیشم زانیبوویان و هەموویان تەنانەت دەیانزانی کەسەکەش کێیە کە پەیوەندی لەگەڵدا هەیە، من گوتم تەڵاقی دەدەم، ئەوجا کەیفی خۆیەتی دواتر چی دەکات یان ناکات پەیوەندی بەمنەوە نییەن بەڵام بابم و مامم و براکانم دەیانگوت ئەو خوێڕییە چۆن وێراویەتی لەبەردەم هەمووومان پەیوەندی لەگەڵ ژنێك ببەستێ کە مێردی هەیە و دەنگوباسەکەشی لە ناو خەڵکی بڵاوکردۆتەوە و لای خەڵکیش گوتویەتی من لەگەڵ فڵانە کەس وەکو ژن و مێرد واین، با مێرد و کەسوکاریشی زەقەی چاویان بێت، ئێمە واماندەزانی بەس بەنامە و قسەکردن و بە مۆبایل پەیوەندیان هەیە نەك بە راستەوخۆو یەکتردیتن، سەرەتا گوتمان ئەگەر هەر قسەو قسەلۆك بێ، یان تەنانەت ئەگەر پەیوەندیشیان هەبێ، بەڵام نەگەیشتبێتە رادەی یەکتر دیتن ئەوا بە تەڵاق دان کۆتایی بەمەسەلەکە دێنین.

بەڵام نەخێر وا نەبوو، تێگەیشتن کە کار زۆر لەوە رەتی داوە و هی ئەوە نەماوە بەری لێبگیرێت، بۆیە بڕیارماندا ئەگەر بە بەڵگەوە گرتمان ئەوسا دەبێ سزای خۆیان وەربگرن، راستییەکەی ئەوان دەمێك بوو خەریکی کاری خۆیان بوون، نەك بەڵگەیەك کۆمەڵێك بەڵگە لە ئارادابوون... من دۆش دامابووم، نەمدەزانی چی بکەم، لەلایەك خزم و کەس هەموو رۆژێ سەر کۆنەیان دەکردم، کە بۆچی هیچم پێناکرێ و بۆ هیچ شتێك ناکەم، رۆژێك لەگەڵ ژنەکەم دانیشتم گوتم: وەرە با ئەو مەسەلەیە ببڕێنینەوە تۆ بۆچی ناچیتەوە ماڵی باوکت و یەخەت لە یەخەم بکەیەوە و ئەو هەموو قسە و قسەلۆکەش ببڕێنیتەوە، کەچی ئەو گوتی: خەڵك کەیفی خۆیەتی چ قسەو قسەلۆکێك بڵاو دەکەنەوە، ئەوانە هەمووی درۆ و دەلەسەن، منیش گوتم: ئەگەر درۆ و دەلەسەن ئەی چۆنە تۆ هیچ خۆت تێکنادەی وەك ئەوەی زۆر هەست بەخۆشی بکەی لە بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگوباسانە، دیارە دەتەوێ تۆڵە لە یەکێك بکەیەوە بۆیە زۆر بەخۆشیەوە بڵاوبوونەوەی دەنگوباست لە کۆڵان و گەڕەك وەردەگری! ئیتر کەوتمە سەری بە لێدان، ئەوەندەم لێیدا تا شلوکوتم کرد و هەموو گیانیم لە خوێن وەردا، ئینجا مۆبایلەکەم لێوەرگرت دەبینم زۆربەی زۆری نامەکانی هی کوڕێکە، لەو دەمە براکانم هاتنە ماڵمان وەزعەکەیان دیت برا گەورەکەم سوێندی بە تەڵاق خوارد و گوتی: ئەگەر من چارەسەری هەردووکتانم نەکرد تەڵاقم کەوتبێ، لەو رۆژەوە ئێمە خەریکی چاودێری کردنی بووین، کە بە ماڵی باوکیشمان گوت: گوتیان بیکوژن و گەردەنتان خۆش و ئازاد بێ، ئەوە تۆڵەی خۆی بە ئابڕووبردنی ئێمە دەکاتەوە... ئیتر رووداوەکە ئەوەها بوو ئەوە هۆی کوشتنی ژنەکەم بووە و خۆشتان هەردووکیانتان بەیەکەوە بینی لە شوێنی رووداوەکە کە چۆن رووت بوون.

## دادگاییکردن

لێکۆڵینەوەکان بەردەوام بوون تا رۆژی دادگایی کردنییان، ئەوەبوو بۆ دادگا روون بۆوە کە(نەجات) بە یارمەتی(قەهار)ی برای تاوانی کوشتنی ژنی(قەهار) ئەنجامداوە، بۆیە دادگاش بە(١٥) ساڵ حوکمی زیندانی بۆ(نەجات) بڕیەوە و(٣) ساڵیش بۆ(قەهار) و یەکەی دوو ساڵیش بۆ هەریەك لە براکانی تریان، هەر چەندە دواتر (نەجات) پارێزەرێکی گرت بۆ ئەوەی حوکمەکەی بۆ سووك بکرێت، بەڵام دادگا هەمان حوکمی خۆی دووبارە کردەوە، جەختی لەسەر ئەوە کردبۆوە ئەگەر دەیانزانی هەر بەڕاستی ئەو ژنەیان ئەوا هەڵسوکەت دەکات، دەبوایە داوای یاساییان لەسەر ژنەکە تۆمار بکردبایە ئەوسا ئەگەر بە بەڵگە بۆ دادگا روون ببایەتەوە سزای زیندانی دەدا و هەموو مافەکانیشی وەك ژنێکی خاوەن ماڵ و مێرد دەسوتا و هیچی بەرە نەدەکەوت و پیاوەکەشی زۆر بە ئاسانی دەیتوانی تەڵاقی بدات، بێ ئەوەی ژنەکە هیچ مافێکی بکەوێتە سەر کابرای مێردی.

**کوشتن و توندوتیژی چارەسەری کێشەکان ناکات، کە دەیانزانی ئەو ژنە ئاوا هەڵسوکەت دەکات، دەبوایە داوای یاسایی لەسەر تۆماربکەن، ئەوسا ئەگەر بە بەڵگە بۆ دادگا روونبووبیەوە سزای زیندانیکردنی ژنەکەی دەدا و هەموو مافەکانیشی وەک ژنێکی خاوەن ماڵ و مێرد، دەسووتا و هیچی بەرنەدەکەوت**

# تاوانێکی قێزەون



> وەکو زۆر لە کچانی نێو ئەو کۆمەڵگایە حەزی لە قوتابخانە بوو خەونی بە دوارۆژێکی گەش دەبینی

ئا: خەندە گۆران

تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ترسناکە و کاردانەوەیەکی نێگەتیڤانەی لەسەر تاك و کۆمەڵگا هەیە، بێگومان تاوان لە هەموو کۆمەڵگاکانی جیهاندا بوونی هەیە و کاریگەری خراپیشی دەبێت لەسەر خەڵك، ئەو کەسانەی تاوان دەکەن، ئەگەر جاران سیما و بەهایەکی بە نرخیان لە نێو کۆمەڵگادا هەبووبێت، دوای ئەنجامدانی هەر تاوانێك پێچەوانەوە خەڵکی بە چاوێکی سووك و نزمەوە سەیریان دەکات و ئەو پایەیان نامێنێ کە پێش ئەنجامدانی تاوانەکە لە نێو کۆمەڵدا هەیانبووە، چونکە بوونەتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و لادان لە یاسا و رێنمایییەکانی ئایین و شەریعەت، جا ئەو تاوانبارە پیاو بێت یان ئافرەت هەمان مامەڵەی لە نێو کۆمەڵگادا لەگەڵ دەکرێت، بەڵام ئەو تاوانانەی تاوەکو ئێستا دەکرێن ٪۹۰ی لەلایەن پیاوانەوە ئەنجام دەدرێن، ئافرەت بە حوکمی پێکهاتەی فسیۆلۆژی ناتوانێ هاوشێوەی پیاو دەستی بێچتە تاوان کردن هەروەکو چۆن لەو رووداوەدا دەیبینین کە باوکێك کچە تەمەن(۱۸) ساڵەکەی دەکوژێت و هەڕەشەش لە دایکی کچە دەکات تا تاوانەکە چەواشە بکات (ناسکە) لەگەڵ ئەو هەموو زوڵمەی کە باوکی لێی دەکرد، دوای شکایەت لێکردن چووە دادگا لە داواکەی خۆی پەشیمان بووەوە و نەرمی بۆ باوکی نواند، بەڵام باوکی تاوانێکی گەورەی بەرامبەر ئەنجامدا و کۆتایی بە ژیانی هێنا.

ماندوێتی و خەم و پەژارە سەرتاپای گیانی گرتبۆوە زۆر کز و لاواز و بێ تاقەت دیاربوو، هاواری دەکرد بەڵام دەنگی زۆر بە کزی لە قورگی دەردەهات و دەیگوت(باوکی تاوانبارە، کچەکەمی کوشت جەرگی سوتاندم ماڵی وێرانکردم ، کچەکەم بێتاوان بوو لەگوڵ پاکتربوو ماڵیان وێرانبێ کە

# لە نیوە شەودا

ماڵیان وێران کردین ئـەوکات نەمتوانی بگەمە راستی بەسـەرهاتەکە تەنیا ئەوە نەبێ کە زانیمان باوکێك کچەکەی خۆی کوشـتووە بەڵام لەسـەر چی و بۆچی؟ ئەوە و دەیان پرسـیاری دیکە لە مێشکم دەخولایەوە بۆیە بەیانی زوو بەرەو هەمان شـوێن کەوتمە رێ بەنیازی گەیشـتنم بەراسـتی رووداوەکە، دیاربوو کەمێك لە رۆژی پێشتر هێورتربووەوە، بۆیە حەزمان کرد لەسەر زاری خۆی گوێمان لە هۆکار و چۆنییەتـی رووداوەکەبێـت و بزانین چۆن باوکێك دەسـتی چووە کوشـتنی جگەرگۆشەکەی خۆی و لە نێو خوێنی خۆی گەوزاند، ئەم دایکە جەرگ سوتاوە بەمجۆرە گوزارشـتی لەبێ دەسـەڵاتی خۆی و کچەکـەی بەرامبەر مێردە بێ ویژدانەکەی دەکرد و دەیگوت:

کچەکەم کـە ناوی (ناسـکە) بوو تا بڵێی کچێکی رەوشـت بەرز و پاك بوو، تەمەنی (١٨) سـاڵان بـوو ئەویش وەکو زۆر لـە کچانی نێو ئـەو کۆمەڵگایە حـەزی لـە قوتابخانە بـوو خوێنی بە دوارۆژێکی گەش دەبینی رۆژێك دابێت کۆلێژ تەواوبکات و ببێتە خاوەن بڕوانامە و مووچـەی خۆی هەبێ و پێویسـتی بەکەس نەبێت، لەسەرەتادا باوکی لەگەڵ چوونی بۆ قوتابخانـە نەبوو، بەڵام من زۆر لەبەری پاڕامـەوە و گوتم: منداڵە با ئەویش لەگەڵ منداڵانی گەرەك بێت، بە هەرحاڵ بێت(ناسکە) وەکو قوتابییەکی زیرەك تا پۆلی پێنجەمی ناوەندی بڕی بەڵام رۆژانە شـەڕ و ناخۆشـی هەبوو لە ماڵماندا لەسـەر چوونی (ناسکە) بۆ قوتابخانـە، باوکی نەیدەویسـت خوێندن تەواوبـکات هەرگیز لەگـەڵ چوونی کـچ نەبوو بۆ خوێنـدن و دەیگوت: کچ و خوێندنیان نەگوتووە، کچ بەیانی شـوو دەکات و دەبێ ئاگاداری ماڵ و منداڵی خۆی بێت، دیاربوو ماڵی برای پیاوەکەشم دەوری سـەرەکیان هەبوو لەم گرفتانەی نێوانمان ، هەردەم هانی باوکی (ناسـکە) یان دەدا بۆ ئەوەی (ناسکە) لە قوتابخانە دەربهێنێت و بیدات بە یەکێك لە کوڕەکانی، بەڵام (ناسکە) سووربوو لەسەر ئەوەی کەوا بەهەر نرخێـك بێت دەبێ قوتابخانە تەواو بکات، لەگەڵ دەربڕینی هەر وشـەیەك دایکەکە دڵـۆپ دڵۆپ فرمێسـك لە چاوەکانی دەهاتنە خوار، بەدەم هەڵکێشانی ئاخ و ئۆفەوە بەردەوام بوو لە قسـەکردن و دەیگوت بـەڵام بەداخەوە ماڵی مامی رۆژ لە دوای رۆژ رق و کینەیان لەمن و (ناسکە) ئەستوور تردەبوو باوکی بەردەوام بەسـەرمانا دەیقیژاندو هـاواری دەکرد، چەندین جار کتێبەکانی (ناسکە)ی دڕاند بەڵام ئەو بە هەر جۆرێك با لە هاوڕێکانی وەری دەگرتەوە و سـوورتر دەبوو لەسەر خوێندن، تا وەکو پۆلی شەشـەم هیوای زۆری بە ژیان هەبوو، لەگەڵ ئەمانەشدا شـەوێك مامی لەگەڵ هەندێك لە خزم و کەسـەکانی هاتن بۆ ئـەوەی بە زۆر (ناسکە) لە کوڕەکەی ماربکات، بەڵام ئێمە رازی نەبووین و گوتمان: ئەگەر ئێوە وا بکەن ئێمەش ناچار دەبین سکاڵاتان لە پۆلیس لەسـەر تۆمار بکەین، بۆیە ملی رێگایان گرت و رۆیشتن ، زانیان هەموو هەوڵەکانیان لەگەڵ ئێمە بێ سوود بوو، کەوتنە پلان گێڕان دژی من و (ناسکە) و بووختان هەڵبەسـتان بۆمـان جارێك دەیانگوت: (ناسکە) مان بینیووە لە پارك لەگەڵ کوڕێك و جارێکی دیکە دەیانگوت : دایکـی بۆ خزمانی خـۆی دایناوە و هەر رۆژێ قسەیەکیان بۆ هەڵدەبەستاین، باوکیشی ئەم قسانەی بەڕاست دەزانی و دەیگوت دیارە قسەکانیان راستە بۆیە بە کوڕی مامی رازی نابێ، کەوتە هەڕەشە و جنێودان تـا دەهـات ئەزموونەکانی پۆلی شەشەمیش نزیك دەبۆوەو(ناسکە) نەیدەزانی چی بکات، کێشە و گرفتەکان و هەڕەشە و جنێودانی باوکیشی مێشکیان لێ تێکدابوو، رۆژێکیان درەنگانێکی شەو باوکی هاتەوە ماڵ و کردی بە هاتو هاوار و پێی گوتین، بۆ نارۆن یەخەم بەرنادەن مادام ئێوە بە قسەم ناکەن بڕۆن وازم لێ بێنن بۆ کـوێ دەڕۆن بڕۆن و پەلی من و(ناسکە)ی گرتوو بەو درەنگانەی شەو ئێمـەی فڕێدایە کـۆڵان و دەرگاکەی داخست، ئەو شـەوە لە ماڵی یەکێك لە دراوسـێکان ماینەوە، تاوەکو بەیانی شەو لـە چاوەکانم تۆراو و هەربیرم لەو بەختە رەشەی خۆم دەکردەوە، بەیانی دراوسێکان چوون بۆ ئەوەی ئێمە بگەڕێیننەوە ماڵ بەڵام باوکی(ناسکە) رازی نەبوو، بۆیە چووینە بنکەی پۆلیس سکاڵامان دژی تۆمارکرد و بەگرتنماندا، پاشان لە هەمان رۆژدا هەر خۆمـان چووین لە داواکەی خۆمان پەشـیمان بووینەوە و ئازادمان کرد بەنیازی ئـەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیـان هەڵدەینەوە ئەویش وەکو باوکێك مامەڵـە بکات، بـەڵام بەداخەوە دوای ئازادکردنـی رق ئەسـتورتر بوو، خراپتر ئازاری دەداین، ئێمە هەردانمان بە خۆمان گرت، شەوان درەنگ دەهاتەوە بۆ ئەوەی ئێمە نەبینێ، شـەوێك درەنگانێکدا ئێمە خەوتبووین لەگەڵ بۆڵە بۆڵی ئەو خەبەرم بـۆوە نەمدەزانی چی دەڵێت، بۆیە گوێم پـێ نەداو دووبارە چاوم لێك نایەوە بەڵام هەر ئەوەندەم زانـی دەنگی تەپەیەك لە تەنیشـتمەوە هات(ناسـکە) لە تەنیشتم خەوتبوو، کە ئاوڕم دایەوە ویسـتم هاوار بکەم دەمی گرت و گوتی: قسە بکەیت ئێستا تۆش دەکوژم، چیم بینی بلۆکێکی بەردا بۆوە سەر (ناسـکە) ئیتر خۆم لە دەسـتی رزگارکرد و(ناسـکە)م گرتە بـاوەش ئەو لە خوێن سـووربببوو گیانی تیانەمابـوو، هاوارم کـرد خەڵکی بەو نیوەشـەوە لێمان کۆبوونەوە من ئیدی لە هۆش خۆم چووم ئاگام لە هیچ شـتێ نەما ئێسـتاش نازانم کـەی و لە کوێ تەرمـی کچە بێتاوانەکەمان ناشـتراوە، باوکە تاوانبارەکەش لەکوێیە، گیراوە یان رایکردووە، ئەو دایکە جەرگ سـووتاوە تا ئامادەکردنی ئەو بابەتە هەر دەیگوت ماڵیان وێران کردم جەرگیان سوتاندم، خوا ماڵیـان وێرانبکات، جەرگیان بسـوتێ، بوختانیـان بۆ هەڵبەسـتانین خوا لێیان هەڵنەگرێ.

**تەپەیەکی توند لە تەنیشتمەوە هات ، کە لە خەو راچڵەکیم بینیم(ناسکە)ی کچم سەرتاپای جەستەی لە خوێن ئالاوە ، ئیتر لەو ساتەوە لەهۆش خۆم چووم و هیچم بە بیرنایەت**